# هیوای دوا ڕۆژ

**ئەحمەد دەشتی**

منداڵانی هوشیار و ژیر   هیوای سبە و گوردان و میر
ڕۆلەکانی کوردستانم   خونچە گولانی باغی ژیانم
ئەمڕۆ کەوا هوون زارۆکن   لە ناو لانک و لە بەرۆکن
هاکا ئێوەش کە گەورە بوون   شێرەکوڕی هەڵێران بوون
ئێستا کەوا هەر منداڵن   لە ئامێزی دایە و کاڵن
بەڵام ئێوەش دەبنە کوڕێ   لە ژێر لێفە دێنە دەرێ
ئەوسا کەوا تێ گەیشتن   بزانن بۆ کوردیان کوشتن



سالەهایە خوێنمان دەمژن   لە کوردستان خوێنمان دەڕژن
دیرۆکی کورد بخوێننەوە   باوک و کاڵان ینەوە
بێننە بەر چاو نیشتمانتان   بۆ لەت کراوە کوردستانتان
چاک بزانن دوژمنی کورد   چی کردووە بە دروشت و ورد
بۆچی هاتن خوێنیان ڕشتین   براو باک و کەسیان کوشتین
بۆچی کوردیش ڕزگار نەبوو   خاوەن خاکی خۆیا نەبوو
هۆکار چیبوو وا ژێر دەستین   دورە شادی و بێ سەربەستین
لێ نەگەڕان ئاسودەبین   سەربەخۆ و ئازادە بین
هاتن خاکیان لەتلەت کردین   دوورە مافی خۆیان کردین

ڕۆمـــــیان و تازی وعــەجەم   کوردســــتانیان وا کردبە تەم
زۆر لە مێژە کـــــورد دەکوژن   خوێنی خاک و گەلمان دەمـــژن
هەزارانـــــیان لە چالا ناین   زۆر بڕیاری نەمانـــــیان داین
هۆ ئازیـــــزان زارۆکی کورد   ڕۆڵەی مەردو کـــــوردانی گورد
دیرۆکی خۆ بخـــــوێننەوە   تۆڵەی خاکتان بســــەننەوە
هـــــاکا بونە خاوەن بیرتان   بوونە مـــــەردی دوا ڕۆتان
بەڵام نەکەن هــــەرگیز کەوا   لە یـــــاد بــکەن مافی ڕەوا
لە ڕێی گەل و نیشـــــتمانتان   پێشــــمەرگە بن بۆ وەڵتتان
ســــــەربەرزانە بمێننەوە   تۆڵەی خاکمان بســـــەننەوە
تف لە چـــارەی دوژمنان کەن   هەرگـــیز باوەڕیان پێ مەکەن
باو و کاڵان بێـــــننەوە یاد   کە ژینـــیان بۆ کرا بــــەرباد
بە ملـــــیۆنیان لە ناو بردین   بۆچی لە ژێر دســـتیان مردین
چۆن ئەنفال و تەعریـــبیان کرد   کوردســـتانیان چۆن داگیر کرد
دیرۆکی خۆ بخـــــوێننەوە   بە سەر شــــۆڕی مەمێننەوە
بزانن ســــــەربەخۆ نین   خــــاوەن ئالاو وەڵاتێ نین
بۆچی ئاوا ژێر دەســـتە ماین   هۆکار چی بوو هـــەر ئاوا ماین
هەتـــــوانی زام بدۆزنەوە   ســــەربەخۆبوون بسەننەوە
دلێرانە و ســــــەربەرزانە   ڕزگـــار بکەن ئەم ژیـــانە
بەندو داوی نەیاری کـــــورد   لە ناو بەرن دروشــــت و ورد
ئالای بەرزی کوردســــتانم   هەڵدەن لە ناو گشـــت جیهانم
ســـــەربەخۆیی وەدی بێنن   لە ڕاســـت دوژمن دامەنوێنن
ئێوەش وەکو قــــــارەمانان   وەک مەردانی ناو مەیـــدانان
دژ بە دوژمن ڕابوەســــتن   یەکتر بگرن کۆر ببەســـتن
بڵێن داگــــیرکـــەران بمرن   بە یەک گرتن ورگـــیان بدرن
کــــچ و کــــوڕ و لاو و پیران   بژین لە ڕێگەی ســـەروەران
بە زانین و هەســـت و بیرتان   وەسەر بخەن کوردســـتانتان
قــــــەت بە دیلی مەمێنەوە   ڕێی ســــەرکەوتن بدۆزنەوە
زاناو ژێـــــرو یەک گرتوو ربن   ئەوســـــا شـــاد و ڕزگاردەبن
لە ڕووی دوژمن دامەمینێـــــن   پێشــــمەرگە بن تا بمێنن
یادی گــــەورە مەردان بکەن   نەکەن ئەوان لە یـــاد بکون
ئێوەش ببن بە پیـــــرانم   بە عوبەدوللای ئەم زەمـــانم
وەکشـێخ ســـەلام بۆ ازادی   هــــاوار بکەن دژ بێ دادی
لە سێدارە قەت ســــڵ مەکەن   جـــەرگی نەیاران لەت بکەن
وەکو ئیحســـــان نوری پاشا   لە ڕێی خاکی کە تێکۆشـــــا
هەریەک ببن بە ســـــمکۆیی   دوژمن بنێنــــــە گلکۆیێ
ئالای کوردســـــتان بەرزکەن   شێخی مەحمودم لە بیر مەکەن
قـــــازی نەرمر هەروا ماوە   جێگەی ئەوان لە ســــەر چاوە
ڕۆژانی زوو بێنـــــــەوە یاد   ســــــەربەرزانی ژیانی ئازاد
ســـــەروەرانی کوردســـــتانم   هەلۆی بەرزی کوێســـــتانانم

**گەرە مەردان ، نامرن ماون   گەوهەرێکن و لە بەر چاون**
**لەڕێبازی مەردانی گورد   کێ کە لایدا بزانێ مرد**
**تەنیا فێر بن کەوا کورد بن   لە ڕێی بەرزی کوردستان بن**
**بە زانست و بە زانیاری   وەسەربخەن کوردەواری**
**بڕۆن بەرەو سەربەخۆیی   هەرگیز سەرتان مەکەن نەوی**
**هەردەم گول بن بۆ نیشتمان   مەبنە هۆرەو داری دەستان**
**گول بن لەڕێێ خاکی خۆتان   بژین وەکو گشت سەربەستان**
**هەلەبجەکەم بێننەوە یاد   کەرکوکەکەم مەکەن لە یاد**
**هێسک و پروسکی هەزارهەزار   بکەن بە پەند بۆ رێی هەوار**
**ملیۆنەها کوردی نامراد   بێننە بەرچاو بۆ ڕێی ئازاد**
**یادی هەموو بارزانیەکان   پینج هەزار گول شەهیدەکان**
**هەموو خەم و کارەساتان   لە ناو خاک و لە دوور وەڵاتان**
**بکەن بە پەند بۆ سەرکەوتن   بۆ ڕزگاری و بۆ دەرکەوتن**
**لە یادتان بێ کە کوردین وا   بۆیە کوژراین وا نارەوا**
**هەرکێ نەیبێ بیری تۆلە   چاک بزانێ کەوا زۆلە**
**تۆلەی کوردیش ڕزگاریە   سەربەخۆیی ، کوردەواریە**
**هۆ مندالان ئازاوو ژیر   تەمەن درێژ بن دڵ پڕ لە بیر**
**لە ڕابوردو پەند وەرگرن   لە یاد مەکەن بەرز بمرن**

*

**پێشکەشە بە زارۆکە ئازیزەکانی کوردو کوردستان بەهاری 1989**